# دیاردەی پیسبوونی بینین لە شاری سەیدصادق

**م. هاودین کامل علی[1]، م. عطا حمەلاو حمەیوسف[1]**
١زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی جوگرافیا

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٠ م. هاودین کامل علی١، م. عطا حمەلاو حمەیوسف



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**ملخص البحث**

تحليل و تقييم مناظر و جمالية المدن ذات أهمية كبيرة من قبل المخططون و المعماريون، وهي تنعكس فى بناء الخريطة و التصميم و التخطيط محلات السكنية و العمارات و الشوارع المدن، بحيث كل أطراف المدن يلزم مأخوذة بنظر الاعتبار، ومثال على ذلك هي التنظيم فى استخدام الارض، اللون و تصميم المعماري ، و لوحات الإعلانات، و اعداد الموارد البناء والعمارات و الاتفاق بين محلات و الدكاكين التجارية للسوق . . . ، حتى من خلال هذا الطريق يمكن تضمين هدوء النفسى للسكان المدن و تحرير المدن من مصادر التلوث البصرى.

مدينة سيدصادق، وهي احدى مدن تابعة للمحافظة السليمانية في اقليم كوردستان، البحث درست المصادر و الأسباب التى خلقت الظاهرة فى المدينة، بسبب زيادة عدد السكان و الأسرة و الوحدة السكنية و توسيعها فى المدينة، وكذلك ازداد الظاهرة يوما بعد يوم.

وصلت نتائج الدراسة بأنه يوجد كل ظواهر التلوث البصري فى تلك المدينة وأكثرها تقع فى مركز السوق المدينة واحياءها، المصادر هذا نوع من التلوث متنوعة ومن أهمها هي عيوب تصيم وتخطيط المعماري للمدينة و عدم تنظيم اشكال استخدام الأرض و نوع و قياس كتابة العلانات، و كثافة خطوط الكهرباء و إنتشار النفايات.

والسبب الرئيسى للتلوث البصري فى هذة المدينة يعود الى عيوب و عدم وجود تخطيط المعمارية فى هيكلية للمدينة و العوامل الأقتصادية و تقصير رئاسة بلدية و السلطة الأدارية لتلك المدينة.

الدراسة توصي بصياغة الخطة و التخطيط للأحياء و الشوارع و الدكاكين و المحلات التجارية فى السوق، بحيث أعطاء مناظر جميلة و مدنية للمدينة و تنفيذ بناء المدينة الحضارية من الجديد. الدراسة تشدد على أهمية إعادة تنظيم التعليمات المتعلقة بإعطاء الإجازة وكتابة وحجم وتعليق لوحات الإعلانات، وعدم سماح بإستخدام الوان صاطعة والمعقدة، فى واجهة البينايات والبيوت والمحلات التجارية.

**Abstract**

Analysis and evaluation of the scenes and the beauty of the city, which is deemed as an important and an interest point for the planners and the architect of the city, has influenced the building of maps, forms and the designs of houses, towers and streets.

In a way to consider all the parts of urban planning: for example organization of land occupation, color, architectural form, billboards, construction materials for houses and high buildings, coordination between the stores...etc., To create a beautiful and peaceful atmosphere for the citizens and to remove the city from the sources of Visual pollution.

Saidsadiq city, which is a city in the governorate of Sulaimani in the region of Kurdistan, the research in grave detail talks about the sources and the causes of this phenomenon in the city, the sources are the increase of population and families, the housing, the expansion of the cities, the phenomenon is growing.

The research has concluded that the phenomenon of Visual pollution exists in all the cities; most of it exists in the bazaars and the quarters in the end sides on the city. There are many different sources for this pollution; the most important ones are bad forms, architectural designs in the cities, and the lack of organization in land occupancy, lack of coordination in the colors, not using proper type, size, color, and font in the billboards, the overcrowded wires in the electrical substation, and the spread of trash and waste.

The main reason for this pollution goes back to bad planning of the city, economical problems, and the disregard of the ministry of municipality, administration of the city.

The research suggests to preplan redesign the neighborhoods, the streets, stores and bazaars in a way to give a modern look to the city and to apply the fundamentals of urban planning. The research shows the important of reviewing the policies for the license, writings, and sizes of the billboards. And to ban the usage of the bright and complex colors in the construction of the outer surface of the buildings, towers and stores.

**پێشەکی**

دیاردەکانی پیسبوون لە شارەکاندا فراوان و جۆراوجۆرن، لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و پێداویستییەکانی و جۆراوجۆری کەلوپەل و کەرەستەکانی بیناسازی و شێواز و تەکنیکی نوێ، شارەکانی دوچاری بارێکی ئاڵۆزترکردوە، چەندین دیاردەی نوێ پەیدابوون و کاریگەرییان لەسەر شارنشینان دروستکردوە، یەکێک لەم دیاردانەش بریتییە لە پیسبوونی بینین (Visual Pollution).

شاری سەیدصادق دوچاری یەکێک لە جۆرەکانی پیسبوون بۆتەوە، کە بریتییە لە پیسبوونی بینین، کە کاریگەریەکەی لە جۆرەکانی تری پیسبوون کەمتر نییە، چونکە بۆتە هۆی شێواندی سیمای شارستانی شارەکە و کەمکردنەوەی چێژی بینین، ڕەنگدانەوەی لەسەر مەودای بینین و باری دەرونی هاوڵاتیان دروستکردوە، ئەمەش پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە، بەمەبەستی کەمکردنەوەی کاریگەری ئەم دیاردەیە لەسەر سیمای شارەکە.

**گرنگی توێژینەوەکە :** دەرخستنی سەرچاوە و هۆکارەکانی پیسبوونی بینین لە شاری سەیدصادق، کە یەکێکە لە شارەکانی پارێزگای سلێمانی، گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە باس لە یەکێک لە جۆرەکانی پیسبوون دەکات، کە کاریگەری نێگەتیفی لەسەر شارنشینان هەیە.

**کێشەی توێژینەوەکە :** دیاردەی پیسبوونی بینین کاریگەری لەسەر ژینگەی تەلارسازی شار هەیە. دەبێتە یەکێک لە جۆرەکانی پیسبوونی ژینگەی شار، کە پێوویستی بە چارەسەرکردن و پێداچوونەوە هەیە، بە تایبەتر لە روی ڕێگاوبانەکان و دیمەنی شار.

**ئامانجی توێژینەوەکە :** ڕونکردنەوە و دەرخستنی سەرچاوە و هۆکارەکانی پیسبوونی بینینە لە شارەکەدا و دەست نیشانکردنی گرنگترین ئەو هەنگاوانەی، کە دەکرێت لە ڕێگەیانەوە ئەم جۆرە لە پیسبوون چارەسەر بکرێت و کاریگەرییەکانی لەسەر شار و شارنشینان کەمبکرێتەوە.

**گریمانەی توێژینەوە :** خراپی پلاندانانی شار و کەمتەرخەمی دەسەڵاتی شارەوانی و کارگێری و کەمی ئاستی ڕۆشنبیری هاوڵاتیان هۆکاری سەرەکی دروستبوونی پیسبوونی بینین لە شارەکەدا.

**میتۆدی توێژینەوە :** توێژینەوەکە میتۆدی (شیکردنەوەی وەصفی) بەکارهێناوە، بە پشت بەستن بە سەردانی مەیدانی ناوچەی توێژینەوە، بۆ بینین و دەست نیشانکردنی جۆرەکانی پیسبوونی بینین و وێنەگرتنی سەرجەم دیاردەکان.

**پلانی توێژینەوە :** توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ سێ تەوەر و پێشەکیەک و پوختەیەک بە دوو زمان، لەگەڵ چەند نەخشە و وێنە و خشتەیەک و ئەنجام و ڕاسپاردە، تەوەری یەکەم تەرخانکراوە بۆ چەمک و زاراوەکانی تایبەت بە پیسبوون و پیسبوونی بینین، هەرچی تەوەری دووەم گرنگترین سەرچاوەکانی پیسبوونی بینیی لە شاری سەیدصادقدا دەست نیشانکردوە، تەوەری سێیەمیش پێک دێت لە دیاریکردنی ئەو هۆکارانەی بوونەتە هۆی دروستبوونی پیسبوونی بینین و ڕێگاچارەکانی چارەسەریشی دەست نیشانکردوە.

**ناوچەی توێژینەوە :** شاری سیدسادق یەکێکە لە شارە دیارەکانی پارێزگای سلێمانی و بەناوەندی کارگێڕی قەزای سیدصادق دادەنرێت، لەڕوی پێگەی ئەسترۆنۆمیەوە دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی ( ″٣٦ ′٢٠ °٣٥ بۆ ″٢٢ ′٢٢ °٣٥) ی باکور و نێوان هێڵی درێژی (″٩ ′٥٠ °٤٥ بۆ ″١٠ ′٥٣ °٤٥)ی ڕۆژهەڵات، واتە دەکەوێتە بەشی باشوری ناوچەی مامناوەندی باکوری گۆی زەوی.

لەڕوی هەڵکەوتەی جوگرافیشەوە شاری سیدصادق دەکەوێتە بەشی باشوری ڕۆژهەڵاتی قەزای سیدصادق و ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان، نەخشەی (١)، دوری شاری سیدصادق لەگەڵ شاری سلێمانی (٥٠)کم دەبێت، ژمارەی گەڕەکانی لە ساڵی (٢٠١٨)دا (٢٦) گەڕەك بووە کۆی گشتی ڕوبەرەکەشی (٢١کم٢) بووە[1] نەخشەی(٢). ژمارەی دانیشتوانی شارەکە لە ساڵی (٢٠١٨)دا (٦٦٥٦٢ کەس) بووە خشتەی (١)، ئەوەی تایبەتە بە ژمارەی خێزان و یەکەکانی نیشتەجێبوون لە شاری سەیدصادق گۆرانکاری بەسەردا هاتووە، ساڵی (٢٠٠٢) ژمارەی خێزان (٥٤٢٥) بوە لە بەرامبەردا ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبون (٥٣٥٣)یەکە بووە، ئەم ژمارەیە بۆ ساڵی (٢٠٠٩) گۆراوە بۆ (١٧٧٥١) خێزان و (١٠٨٩٤) یەکەی نیشتەجێبون.

خشتەی(١) ژمارەی دانیشتوانی شاری سەیدسادق لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧-٢٠١٨)

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوان |
|---|---|
| ١٩٥٧ | ١١٥١ |
| ١٩٦٥ | ٢٧٠٠ |
| ١٩٧٠ | ٣٥٩٥ |
| ١٩٧٧ | ٧٨٩٥ |
| ١٩٨٧ | ٢٦١٩٣ |
| ٢٠٠٢ | ٣٠٢٨٢ |
| ٢٠٠٩ | ٥١٠١٥ |
| ٢٠١٨ | ٦٦٥٦٢ |


سەرچاوە :

١. الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧، ج٢، مطبعة دار التضامن.
٢. الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية تسجيل الأحوال المدنية العامة، دليل التعداد العام لسنة ١٩٦٥، مطبعة شركة دار الجمهورية، بغداد.
٣. الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، خلاصة نتائج الأولية لحصر السكان لسنة ١٩٧٠.
٤. الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧، مطبعة الجهاز المركزي، بغداد، ١٩٧٨.
٥. الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، مطبعة الجهاز المركزي ،١٩٨٨.
٦. أقليم كوردستان، مديرية احصاء السليمانية، خلاصة النتائج الاحصائية عن عدد السكان حسب الوحدات الادارية في الاقليم، لسنة ٢٠٠٢، (غيرمنشورة).
٧. هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانی، پوختەی ئەنجامە سەرەتاییەکانی کاری ژمارە لێدان و گەمارۆ (العصر و الترقيم) تایبەت بە سەرژمێری گشتی دانیشتوان و نشینگەکانی پارێزگای سلێمانی بۆ ساڵی ٢٠٠٩، سلێمانی، ٢٠١٠، چاپکراو بە کۆمپیوتەر، بڵاونەکراوە.

(١) هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی سلێمانی، سەرۆکایەتی شارەوانی سەیدصادق، ٢٠١٩.


٨. هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانی، ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی بەپێی ناحیە بۆ ساڵی ٢٠٠٩ وە پێشبینی گەشەی دانیشتوان بۆ ساڵی ٢٠٢٠، بڵاونەکراوە.

نەخشەی (١) شوێنی جوگرافی شاری سەیدصادق بە گوێرەی قەزای سەیدصادق و پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان




سەرچاوە : کاری توێژەران، بە پشت بەستن بە : حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانی، بەشی نەخشەسازی و GIS، ٢٠١٩.

نەخشەی (٢) دابەشبوونی جوگرافیای گەڕەکەکانی شاری سەیدصادق




سەرچاوە: لەكاری توێژەران بە پشت بەستن بە حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ،بەڕێوەبەراتی گشتی شارەوانیەكانی سلێمانی، سەرۆكایەتی شارەوانی سەیدصادق،٢٠١٩.

## تەوەری یەکەم

## چەمک و زاراوەکانی ژینگە و پیسبوون و پسبوونی بینین

بە باشـزانراوە لەم تەوەرەیەدا بە کورتی زاراوەکان شـیبکرێتەوە و چەمکە پەیوەسـت بەیەکەکان رونبکرێتەوە، بۆ ئەوەی وردتر لە چەمکی پیسبوونی بینین تێبگەین، کە گرنگترینیان بریتین لە :

ژینگە : ئەو نـاوەنـد و چوارچێوەیەیە، بوونەوەری تێـدا دەژی و مرۆڤ تێیـدا کـارلێکەر و کـارلێکراوە. رەگەزە سـروشـتییەکانی وەک (ئاووهەوا، بەرد، خاک، روەک، گیانداران، . . هتد)، و رەگەزە مرۆییەکانی وەک (باڵەخانەکان، رێگاوبان، کشـتوکاڵ، کارگەکان، پرد، بەنداوەکان . . .هتد)، هەموو ئەمانە پێکەوە ئەو چوارچێوەیە پێکدەهێنن، کە پێیدەوترێت ژینگە[٢].

**ژینگەی سـروشـتیی : بریتییە لە هەموو رەگەزە سـروشـتییەکانی نێوبەرگی جوگرافیا، کە بەبێ هەوڵ و کار و ویستی مرۆڤ دروست و دابەشبوون و بەپێی سیستەمێکی دیاریکراو لەگەڵ یەکدا لە پەیوەندییەکی هارمۆنیدان و کار لەیەکتری و لە بوونەوەرەکان دەکەن** [٣].

**ژینگەی دەستکرد : ژینگەیەکی مادییە، مرۆڤ دروستی کردوە، کە ئەوانیش هەموو دام و دەزگا و دامەزراوەکان و پێداویستیەکانی پرۆژە پیشەسازی و کشتوکاڵی و رێگاوبان و فرۆکەخانە و بەنداوەکان . . .هتد، دەگرێتەوە، سـەرەرای شـێوە جیاوازەکانی سـیسـتەمی کۆمەڵایەتی لە دابونەریت و شـێوازەکانی رەفتار و کەلتور و بیروباوەرەکانی کە پەیوەندی نێوان مرۆڤ رێکدەخەن**[٤].

**پیسبوون : پێناسەی باو وبڵاوی پیسبوون، بریتییە لە فڕێدانی پاشەڕۆ و تێکدان و شێواندنی جوانی و پاکی ژینگە، بەڵام پیسبوون بەمانا زانیستییەکەی، بریتییە لە گۆڕان یان تێکچوون، لە جوڵەی داینەمیکی نێوان ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی سـیسـتەمی ژینگەیی بە جۆرێک، کە رێگر بێت لەبەردەم توانسـتی ژینگەی سـروشـتیدا، بۆ پاکژکردنەوەی خۆی لە ڕەگەزە پیسکەرەکان** [٥]. یان پیسبوون بریتییە لە : فڕێدانی مەبەستداری پاشماوەکانی مرۆڤ بۆ ناو ژینگە بە هۆی چالاکیە مرۆییەکانەوە، کە لە کۆتاییدا ئەنجامی زیانبەخشی لێدەکەوێتەوە، یان بوونی ماددە یان وزەیە بە بڕی نەشیاو لەکات و شوێنی نەشیاو دا، کە پاشان ببێتە مایەی بێزارکردن و زیان بەخشین و نەخۆشی بۆ مرۆڤ [٦].

---

(٢) زین الدین عبد المقصود، البیئة والانسان (دراسة في المشكیلات الانسان مع البئیة)، الطبعة الثانیة، منشأة المعارف، الأسكندریة، ١٩٩٧، ص٢١.

(٣)هاودین کامل علی، مۆرفۆلۆجی گوندەکانی ناوچە شـاخاوییەکان و کاریگەری ژینگەی سـروشـتیی لەسـەریان - ناوچەی هەورامان وەک نمونە، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، ٢٠١٥، ل١٠.

(٤) حسن احمد شحاتة، البیئة والمشكلة الأنسانیة، المكتبة دار العربیة للكتاب، قاهرة، ٢٠٠١، ص٢٩-٣٠.

(٥) زین الدین عبد المقصود، المصدر السابق، ص٩٩-١٠٠.

(٦) صالح محمودوهبي و ابتسام درویش العجي، التربیة البیئة وافاقها المستقبلیة، دار الفكر، دمشق، الطبعة الاولی، ٢٠٠٣، ص٢٥٧.

كەواتە : پیسبوون لەهەركات و شوێنێكدا تێكچوونی جوانی و پاكی ژینگەیە، یان فرێدانی پاشماوەكانی مرۆڤ لە ژینگەی سروشتیدا و بە تایبەت گەر بەبڕی نەشیاو و لە شوێنی نەشیاودا بێت، دەشێت ئەو شوێنە نزیك بێت لە مرۆڤەوە یان پەیوەندیدار بێت بە ژیانی مرۆڤەوە و دواتر زیان بە مرۆڤ بگەیەنێت (٧).

**پیسكەر : بریتییە لە كۆمەڵێك تەن و دیاردەی نەخوازراو، كە دەبنە مایەی تێكدانی سیستەمی ژینگە و زیان گەیاندن بە مرۆڤ و بوونەوەرە زیندەوەكانی تر و پێكهاتە دروستكراوەكان.**

**پیسكەرە دروستكراوەكان : بریتین لەو پیسیانەی كە بەرهەمی چالاكییە مرۆییەكانن وەك پاشماوەی كارگەكان، چالاكی كشتوكاڵی، ئامرازەكانی گواستنەوە، شار و گوندەكان، . . . هتد** (٨).

دەكرێت ئاماژە بەوە بكرێت كە، پیسبوون بە پلەی یەكەم بۆ چالاكییە مرۆڤ كردەكان دەگەرێتەوە، مرۆڤ كە لەناو بەرگی جوگرافیدا ئەنجامیان دەدات , وە ئەم كردار و چالاكیانە بە هەر دوو شێوازی راستەخۆ و ناراستەوخۆ كاریگەریان دەبێت لەسەر ژینگە، زۆربەی كات ئەم كاریگەریانە مەترسی گەورە دەخەنە سەر ڕەوتی ژیانی ئاسایی مرۆڤ لەژینگەی سروشتیی خۆیدا.

**پیسبوونی بینین :**

لە رۆژگاری ئەمرۆدا چەندین جۆر لە پیسبوون لە شارەكاندا بونیان هەیە، لە نمونەی پیسبوونی هەوا، پیسبوونی ژاوەژاو، پیسبوونی بینین . . .هتد، ئەم پیسبوونانە جگە لە كاریگەرییە راستەوخۆكانیان لەسەر تەندروستیی مرۆڤ و شارنشینیان، كاریگەری ناراستەوخۆشیان لەسەر لایەنی دەرونی دانیشتوان هەیە. رەنگە هەر بەتێپەربوونێكی خێرا بە لای زبڵ و خاشاكێكی فرێدراودا مرۆڤ راستەوخۆ بێزار دەكات، رەنگە ئەم بێزارییە كاتییە ببێتە هۆی ئەنجامدانی رەفتارێكی ناپەسند لە لایەن مرۆڤەوە. هەر بۆیە هەندێك لە توێژاران رایان وایە، ئەو شارانەی كە شارنشینانیان دیاردەی نائارامی دەرونی و خەمۆكیان تێدا زۆرە، رێژەی بەریەكەوتنی فیزیكی دانیشتوانەكەی زۆرترە.

پیسبوونی بینین یەكێكە لەو بابەتانەی كە بەلای توێژەرانی بواری ژینگە و پلان دانانی شارەوە گرنگی پێ دەدرێت و جێی بایەخیانە، وەك دەزانرێت شار و ناوچە ئاوەدانەكان بە هۆی ئاڵۆزی پێكهاتەیان و گۆرانە داینامیكیەكەی كەسایەتی خۆیان بە روخساریان دەردەخەن، راستە ژینگە ئاوەدانەكان دەستكەوتی شارستانیەتی مرۆڤایەتین، بەڵام بەها جوانەكەی بەشێكە لە لەزەت و چێژی چاوی مرۆڤ و رەنگدانەوەی سروشتیی ژینگەیە و بە ناسنامە و كەلتوری شار دادەنرێت.

بۆ ئەم مەبەستە (سمپ) جەخت لەسەر هەر دوو لای مێشك دەكاتەوە، لای چەپ لە بیركردنەوە و داهێناندا و لای راست بۆ هەستكردن و هەڵسەنگاندن و دەربرینە لە وەسفی شوێن و شێوە و رەنگ و پێكاتەكان (٩). چاو وەك رێبەرێك هەڵدەستێك بە ناردنی دیاردەكان بۆ مێشك و دواتر بریاردان لەسەر ئەو دیاردەیە جوانە یان ناشرینە، لە دیدی ئەو كەسەوە بۆ دیارە جوان و ناشرینەكان، شاریش یەكێك لە ئەركەكانی فەراهەمكردن و توانستی هەماهەنگی و جۆراو

---

(٧) رۆژان فەرەیدون عەبدولرەحمان، شیكردنەوەی جوگرافی بۆ جیاوازیی پیسبوونی ئاوی ژێرزەوی لە ناوچەی سلێمانیدا، نامەی ماستەر(بڵاونەكراوە)، كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٤٦.

(٨) صديق محمد العاقل و محمد غياذ مقيلي و علي عبدالكريم علي، تلوث البيئة الطبيعية، ١٩٩٠، ص٧٣.

(٩) مهند بن الله نويصر الحريق، التوافق والانسجام في البيئة العمرانية في ظل انتشار اللافيتات التجارية، مجلة العمران والبيئة، جامعة اللمك العلوم الاساسية، المجلد الرابع، العدد الاول، ٢٠٠٣، ص١٢.

جۆری دیاردە مادییەکانە، کە جوانی و چێژی بینین بۆ دانیشـتوانەکەی دەرەخسـێنێ و ئاسـودەی بە چاوی مرۆڤ دەبەخشـێت، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە شـار ببێتە هۆڵێکی هونەری رەها، بەڵکو پێویسـتە رەچاوی باری سایکۆلۆجی دانیشتوانی بکرێت.

چەمکی بینین لەگەڵ پێشـکەوتنی کۆمەڵگا و ئاڵۆزی کرداری بیناسـازی خراپی بەکارهێنانی زەوی بووە یەکێك لە سـەرچاوەکانی پیسـبوونی بینین، کە دوچاری کۆمەڵگای مەدەنی دەبێتەوە. پیسـبوونی بینین یەکێك لەو جۆرە پیسبوونانەی کە مرۆڤ زۆر بە ئاسانی درکی پێ دەکات، چونکە راستەوخۆ مرۆڤ دەیانبینێ و کاریگەرییەکی زۆریشی لەسـەر تێکداری باری دەرونی مرۆڤ هەیە، مرۆڤ بە بینینی دیمەنی ناهەموار و شـێواو وەك شـوێنی داروخاو و گۆماوەکان و رەنگە نەویسـتراوەکان، مرۆڤ هەسـت بە دڵ توندی و بێزاری و لەو دەوروبەرە دەکات، بۆیە زۆر جار مرۆڤ راستەوخۆ دوور دەکەوێتەوە لەو دەوروبەرەی کە بێزاری دەکات و نائارامە تێیدا.

**پیسبوونی بینین (Visual Pollution) :**

جۆرێکە لە جۆرەکانی پیسبوون و بریتییە لە بوونی دیمەنی نارێك و پێك و ناشرین کە بەسەیرکردنی، مرۆڤ نەك چێژی لێ وەرناگرێت بەڵکو بێزار دەبێت. "پیسبوونی بینین"، کە زیاتر دەستکردی مرۆڤە، هەموو شێوە نارێك و پێکو ناشـرینەکان دەگرێتەوە کە لە ژینگەدا بوونی هەیە و ئاژاوەی بینینی دروسـتکردوە وەك : کەڵەبوونی پاشـەرۆکان، تابلۆکانی رێکلام، تاوەرەکانی تەلەفۆن، سـتون و هێڵەکانی گواسـتنەوەی وزەی کارەبا، نوسـین لەسـەر دیوارەکان . . . هتد، کە بەتەماشاکردن و بینیان هەست بە بێزاری دەکرێت [١٠].

- دەکرێت ئاماژە بەوەش بدرێت، کە پیسبوونی بینین بریتییە لە :
- جۆرێك لە نەمانی چێژی هونەری. یان دیارنەمانی وێنەی جوانی هەموو شـتەکانی کە دەوری مرۆڤیان داوە هەر لە باڵەخان و و رێگا و شۆستە . . .هتد.
- تێکچوونی ئەو دیمەنانەی دەکەونە بەر چاوی مرۆڤ لە کاتی تێروانین هەسـت بە نائاسـوودەی دەروونی دەکات.
- هەموو ئەو شـتانە دەگرێتەوە کەلە کردەی مرۆڤن ئازار بە چاو دەگەیەنن لەکاتی بینین، دوبارە بوونەوەشـی ناسـروشـتیی و رەنگدانەوەی نێگەتیڤی لەسـەر کۆمەڵگە دەبێت. نەبوونی جوانی خۆلەخۆ دەبێتە هۆی تێکچوونی لەزەت و چێژی گشتی و خراپبوونی باری دەرونی دانیشتوان[١١].
- بە واتەیەکی سادەتر، هەر شتێك لە کاتی بینیدا مرۆڤ بیزار بکات و هەستێکی ناخۆشی هەبێت بە پیسبوونی بینین دادەنرێت.

لەوەی باسکرا دەتوانرێت بوترێت پیسبوونی بینین مەترسیەکە بە پلەی یەکەم پەیوەستە بە ونکردنی هەستکردن بە جوانی و نەمانی بنەماکانی رازیبوون لەو دیمەنانەی، کە لە ژینگەی شـار بەرچاو دەکەوێت و دەرئەنجامەکەشـی کێشـەی دەرونی و دڵەراوکێ و بێزاری لێ دەکەوێتەوە، ئەمەش دەبێتە ئازار بۆ سـەر تەندروسـتی مرۆڤ. بێگومان ئەمەش لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێت، بە گوێرەی ئاستی رۆشنبیری و خوێندەواری و پێشکەوتنی، بۆیە کاریگەرییەکانیشان دەکرێت جیاواز دەرکەوێت.

---

(١٠) ئازاد محەمەد ئەمین کاکە شێخ نەقشبەندی، جوگرافیای ژینگە، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٧، ل٣٤٤.

(١١) اسامة محمود ابراهيم، التلوث البصري وثرة على المدينة المعاصرة، مؤتمر الازهر المهندسي الدولي التاسع، ٢-٤ نيسان ٢٠٠٧، ص١٢٧.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

هەندێك لە پســـپۆرانی کۆمەڵناســـی بروایان وایە، کە پیســـبوونی بینین، بە دیاریکراوی لە ناو شـــارە گەورە و قەرەباڵخەکاندا لە داهاتوویەکی دوردا دەبێتە هۆی پەرێشـــانی دەرونی و زیادبوونی نەخۆشـــییە دەروونییەکان لەناو شارنشیناندا [12].زۆرێك لە پسپۆران لەم بارەیەوە نوسیویانە کە پیسبوونی بینین دەتوانێت ببێتە هۆی :

أ. کاریگەرییە جەستەییەکان :

- سنوردارکردنی مەودای بینینی مرۆڤ.
- دروست بوونی ئازاردانی چاوی مرۆڤ.

ب. کاریگەرییە دەرونییەکان :

- زیادبوونی ئاڵۆزی بیرکردنەوە و خەیاڵی مرۆڤ.
- زیاد بوونی نەخۆشی خەمۆکی لە مرۆڤدا.
- زیادبوونی دڵەراوکێ لەو کەسانەی کە نەخۆشیەکانی دڵ و هەناسە توندیان هەیە[13].

وەك ئاماژەی پێکرا پیســـبوونی بینین دیاردەیەکە یان خاســـیەتێکە دەرئەنجامی رەنگدانەوەی رەفتاری مرۆڤە لە ژینگە ئاوەدانەکاندا، کە نارێکی پلاندانان و نزمی ئاســـتی هونەری و دیزاین دانەران و کەمی وشـــیاری کۆمەڵایەتی و جیاوازی ئاستی ئابوری لە هۆکارە سەرەکییەکانی پەیدابوونی ئەم دیاردەیەن. بە گەران و سەردانی مەیدانی گەرەك و ناوچە جیاوازەکانی ناوچەی توێژینەوەش زۆر لەو دیمەنانە دەکەونە بەرچاو و راســـتەوخۆ هەســـتی پێ دەکرێت، ئەمەش بارێکی نەنگی بە ژینگەی شارەکە بەخشیوە.

(12)http://persian.epochtimes.com/iran/visual-polltion-and-the-negative-effects-on-citizens-health-3328.html, 27/6/2016.
(13)http://www.akairan.com/health/bimari-behdasht/20121214101725.html, 1/11/2018.

## تەوەری دووەم

## سەرچاوەکانی دروستبوونی پیسبوونی بینین لە شاری سەیدصادق

سەرچاوەکانی دروستبوونی پیسبوونی بینین جۆراوجۆرن، دەگۆڕێن بە پێی شار و ناوچە جیاوازەکان، توێژەران دابەشیان دەکەن بۆ خراپی جۆری تەلارسازی باو، خراپی بەکارهێنانە جیاوازەکانی ناو شار، رەنگ و روکاری دەرەوەی تەلارسازی خانوو و باڵەخانەکان، تابلۆکانی ریکلام، ستونەکانی کارەبا، هێڵەکانی وزەی کارەبا و مۆلیدە، سەتڵ و شوێنی کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاک، هێما ئاماژە دەرەکان، . . هتد[١٤].ئەوەی تایبەتە سەرچاوەکانی پیسبوون لە شاری سەیدصادق، دابەشکراوە بۆ ئەمانەی خوارەوە :

**١. خراپی پلاندانانی تەلارسازی شار :**

**ناوچەی توێژینەوەش وەک زۆرێک لە شارەکانی هەرێم و عێراق پلانی تەلارسازی زانستی و نوێکارییان تێدا جێبەجێنەکراوە، جگە لە بوونی خانوو و باڵەخانە زیادەرەوەکان، دەسەڵاتداری شارەوانییەکانیش نەیانوانیەوە ئەو پلانە تەلارسازییە زانستیە جێبەجێبەکەن، هەروەها فەرامۆشکردنی بنەما و رێساکانی تەلارسازی و پلاندانان وایکردوە شارەکەکان سیمای تەلارسازی ون بکەن، سەرەرای ونکردنی بنەمای شیاوی ئەرکی و جوانی** و ژینگەیی و ئاووهەوا، کە بتوانێت ئاستێکی باش لە هەماهەنگی برەخسێنێت لە نێوان جۆری تەلارسازی و بەکارهێنانی وزە، جۆری تەلارسازی و هونەری جوانکاری و دیزاینی نوێ، جۆری تەلارسازی و رەنگاری خانوو و باڵەخانەکان.

بۆیە ئەم نارێکی تەلارسازییە لە شاری سەیدصادق زۆر بە روونی دەردەکەوێت، یەکێکە لە سەرچاوەکانی پیسبوونی بینین لە شارەکەدا، نارێک و پێکی تەلارسازی لە زۆربەری گەرەک و ناوچە و بازارەکاندا بەدی دەکرێت، کە خۆی دەبینێتەوە لە نارێکی شێوەی خانوو و دوکان و باڵەخانەکان، جیاوازی لە دیکۆراتی پێشەوەی خانوو و باڵەخانەکان بە رەنگ و نەخش و نیگاری جیاجیا و کەرەستە جۆراوجۆ، جیاوازی لە جۆری نهۆمی خانوەکانی تەنیشت یەک، زۆرێک لە خانوو و باڵەخانەکان تەنیشت یەک بن یان بۆشایی لە نێوانیاندا بێت فۆرمێکی تەلارسازییان تێدا نییە، کە جیایان بکاتەوە لە تەلارسازییەکی ناوچەیەکی تر و کەسایەتییەک بە ناوچەکە ببەخشێت، زۆر بەکەمی لە ناوچەیەکی فراواندا یەک جۆری تەلارسازی و یەک رەنگ و یەک بەرزییان تێدا بەدی دەکرێت، کە ئەمەش بێگومان نارێکی و پێکی بە خانوو و باڵەخانەکان دەبەخشێت، جگە لە نەبوونی دیمەنێکی جوان و تەلارسازییەکی نوێ، هەستی بینین دەشێوێنیت، بە یەکێک لە سەرچاوەکانی پیسبوونی بینین دادەنرێت.

(١٤) أحمد جميل شامية، دراسة تحليلية للتلوث البصرى فى مدينة غزة، رسالة ماجستر (غير منشورة)، كلية الهندسة، الجامعة الأسلامية غزة، غزة، ٢٠١٣، ص٣٠.

وینەی (١) خراپی پلاندانان و فۆڕمی تەلارسازی

**گەرەکی هێمن**



**گەرەکی بەختیاری**



گیراوە لە رێکەوتی : (٢٠١٩/١١/١٠).

**٢. جیاوازی رەنگ و کەرەستەی روکاری خانوو و باڵەخانە و دوکانەکان :**

جیاوازی رەنگ و بەکارهێنانی رەنگی زەق و تاریک و بێ رەنگی، یەکێکی ترەوە لە سەرچاوەکانی پیسبوونی بینین، لە شـارەکاندا تێبنی دەکرێت، کە ناهەماهەنگیەکی زۆر لە بەکارهێنانی رەنگی خانوو و باڵەخانەکاندا هەیە، هەندێکجار چەندین رەنگی جیاواز لە یەک خانوودا بەکاردەهێنرێت، کە هەستێکی نائارام بە بینینی مرۆڤ دەبەخشێت، جگە لەمە زۆری کەرەســتەی جیاواز لە روکاری دەرەوەی خانوو و باڵەخانە و دوکان و بازارەکاندا، فۆرمی تەلارســازی باو دەشـێوێنێت، هیچ تایبەتمەندی و جیاکارییەک بە تەلارسـازی و شـێوەی بیناکاری نابەخشـێت[١٥]. خانوو و باڵەخانە و دوکانەکانی شــاری ســەیدصــادق ناهەماهەنگیەکی زۆری رەنگی تێدا بەدی دەکرێت، نمونەی بەرچاو لە بەکارهێنانی رەنگی زەق و تارک و ناشــرین بەدی دەکرێت لە خانووەکانی گەرەکەکانی (بەختیاری و ئاشــتی)، لەگەڵ ئەوەشــدا لە ئەنجامی ســەردانی مەیدانی ســەرجەم گەرەک و بازەکانی شــارەکەدا تێبنی ئەوەشــکراوە کە وەک چۆن رەنگەکان هەماهەنگ نین لەگەڵ یەکدا، بەهەمان شــێوە بێ ڕەنگیش زۆر دیاردەیەکی بەرچاوە لە خانوو و باڵەخانەکاندا، بە جۆرێک روکاری خانوەکان تەنها بلۆک و پایەی چیمەنتۆی خانوەکانە و بە هیچ کەرەســتەیەکی دیکە دانەپۆشــراوە و رەنگ نەکراوە، وەک لە گەرەکـانی (بەرکێو، خـانزاد، تەپەرەش، ڕاپەرین، نەورۆز، کوردســتـان) ئەم دیـاردەیە بەدی دەکرێت. وە لە روکاری هەندێک خانووی تردا چەند جۆرێک لە کەرەســتە بەکارهاتوە تەنها لە روکاری خانودا، وەک کاشی، بەردی مەرمەر، لەبخ، بۆیە . . .

(١٥) سوسن صبیح حمدان، أثر التلوث البصری فی تشویه جمالیة المدن (مدینة بغداد نموجا)، مرکز المستنصریة للدراسات العربیة والدولیة، جامعة المستنصریة، بغداد، ٢٠١٠، ص٨.

وێنەی (٢)

جیاوازی ڕەنگ و ڕوکاری خانووەکان لە گەڕەکی کوردستان و بەختیاری



گیراوە لە ڕێکەوتی : (٢٠١٩/١١/٢٧).

٣. تابلۆکانی ڕێکلامی بازرگانی و دوکان و شوێنە گشتییەکان :

هەڵواسینی تابلۆ (بازرگانی، ڕێ نیشانەرەکان)، لەسەر دوکان و شەقام و ستونەکانی کارەبا و شوێنە گشتییەکان، یەکێکە لە سیماکانی شارەکانی هەرێم و عێراقیش، جیاوازی قەبارە و بەکارهێنانی ڕەنگی زەق و نەخوازرار و دانانیان لە شوێنی نەگونجاودا و داپۆشینی دیمەنەکانی بینین و زۆری ژمارە و ئاڵۆزی ڕێنوسی نوسینیان، بوونەتە یەکێک لە سەرچاوەکانی دروستبوونی پیسبوونی بینین لە شارەکاندا[١٦].

جۆراوجۆری تابلۆی ڕیکلام و پڕوپاگەندە و لافیتەکان لە سەیدصادق یەکێکی ترە لە هاکارەکانی پیسبوونی بینین. بەتایبەتیش هەڵواسینیان لەسەر خانوو و باڵەخانە و ستونەکانی کارەبا و شوێنە گشتیەکان، کە بونەتە هۆی پیسبوون و شێواندنی سیمای گەڕەك و شەقام و ڕێگاکان، بەدیاریکراوی ڕێکلامە بازرگانیەکان بە شێوازی جۆراوجۆر و قەبارەی جیاواز بەدی دەکرێن لە بازاری شارەکەدا، بەدیاریکراوی لە هەر دوو شەقامی سەرەکی سەیدصادق - هەڵەبجە و سەیدصادق- پێنجوێن. ئەمەش بەو مانایە نایەت کە هەموو تابلۆکان ناشرین و بێزارکەر بن، بەڵکو چەندان تابلۆتی جوان و گونجاو بونیان هەیە، وە هەندێکیشان زۆر پێویستن کە هەبن و هەڵواسراو بن.

(١٦) مظهر عباس أحمد و عادل حاتم نوار، دور لوحات إعلان التجارية فی التلوث البصری البیئة العمرانیةفی المدن العراقیة، مجلة واسط للعلوم الإنسانیة، عدد ٢٠، ص٣٣٤.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

وێنەی (٣)

تابلۆکانی ناونیشانی دوکان و ڕێکلامی بازرگانی




گیراوە لە ڕێکەوتی : (٢٠١٩/١١/٣).

**٤. نارێکی ڕوکاری خانووە و دوکان و بازاڕەکان :**

دەرکەوتنی شێوەی ناپەسند و ناشرین لەبەر چاو، کاردەکاتە سەر هەستی بینینی مرۆڤ، دەبێتە هۆی لاوازکردنی کەم کردنەوەی توانای وردبینی بەتایبەتی لەو ناوچانەی پڕە لە ئاڵۆزی بینین و ناڕێکی شتەکان، ئەمە زیاتر بەدی دەکرێت لە خانوو و بازاڕ و دوکانەکانی شاری سەیدصادقدا، جگە لە بوونی ئەم نارێکییە بوونی چەمی ناو بازاڕی شارەکە، کە ئاوی باران و ئاوەڕۆشی پێدا تێپەردەبێت، ئەم دیاردەیە جگە لەوەی سەرچاوەیەکی سەرەکی دروستبوونی پیسبوونی بینینە لە شارەکەدا، لە هەمانکاتدا دیمەنێکی گونجاو و ناشارستانی بە شارەکەم بەخشیوە.

**وینەی (٤) دیمەنی چەمی چەقان و گەرەکی هەواری تازە**



گیراوە لە ڕێکەوتی : (٢٠١٩/١٠/٢٧).

٥. زەوی بەتاڵ و بۆشای لەنێوان ناوچە ئاوەدانەکان :

بوونی دیاردەی پارچە زەوی بەتاڵ یان خانووی تەواو نەکراو بەدیاریکراوی لە گەرەکەکاندا، دیاردەیەکی بەرچاوە لە شـــارەکەدا، زەوی بەتاڵەکان بۆنەتە جێگایەک بۆ کۆبوونەوەی زبڵ و خاشـــاک، وەک لە گەرەکەکانی فەرمانبەران و رۆژهەڵات و تەپەرەش، قلرخ ئەم دیاردەیە رونتر دەبینرێت.

وێنەی (٥)

دیمەنی پارچە زەوی بەتاڵ لە هەر دوو گەرەکی (فەرمانبەران و رۆژهەڵات )



گیراوە لە رێکەوتی : (٢٠١٨/١٠/٢٧).

**٦. گەیەنەرەکانی وزەی کارەبا و (مۆلیدە) :**

لەڕاستیدا چرۆپری کیبڵ و تۆری و ستونەکانی کارەبا دیمەنێکی ناشارستانیان هەیە، ئەم دیمەنە لە گشت گەرەك و ناوچە ئاوەدانەکانی شار بەدی دەکرێت. زۆرجار بونەتە داپۆشینی دیمەنی پێشەوەی خانوو و باڵاخانەکان. هۆیەکن بۆ تێکدانی سیمای شارستانی شـەقامە گەرەکەکان[١٧]. نمونەی ئەم دیاردەیەش لە گەرەکەکانی ناوچەی توێژینەوە و ناو بازاری شارەکەدا دیاردەیەکی بەرچاوە.

(١٧) سوسن صبیح حمدان، المصدر السابق، ص١٤.

وێنەی (٦) دیمەنی چرووپڕی گەیەنەرەكانی كارەبا لە ناو بازاری شار




گیراوە لە رێكەوتی : (٢٠١٩/١١/٣).

٧. نوسینی سەر دیوار و شوێنە گشتییەكان :

لەماوەی ڕووپێوی مەیدانی بۆ شاری سەیدصادق، دیاردەیەك بەرچاو دەكەوێت كە دادەنرێت بە سەرچاوەیەك بۆ سەرهەڵدانی پیسبوونی بینین ئەویش دیاردەی نوسین لەسەر دیوارەكان بەشێوازێكی ناشارستانی، نوسینەكان لە هەندێک شوێن نوسینی ڕێكلام و لە هەندێک شوێنی تر نوسینی ناشایستە و نەگونجاون، هۆیەكن بۆ شێواندنی دیمەنی خانووەكان و گەڕەكەكان و بازارەكان، بیگومان زۆری ئەم نوسینانە گێژاوێكی پیسبوونی بینینە، وەک لە گەرەكەكانی (خانزاد، نالی، نیشتیمان) و ناو بازاڕی شاردا بەرچاو دەكەوێت.

وێنەی (٧) دیاردەی نوسینی سەر دیوار و شوێنە گشتیەكان لە گەرەكی خانزاد



گیراوە لە رێكەوتی : (٢٠١٩/١١/١٠).



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

٨. نارێکی بەکارهێنانی زەوی :

یەکێك لە سەرچاوەکانی پیسبوونی بینین لە شاردا تێکەڵاوبوونی بەکارهێنانەکانی زەوییە، وەك بوونی سوپەر مارکێت، چێشخانە، کە راستەوخۆ بە تەنیشت بە یەکەی نیشتەجێ بووەن، یان بوونی رێکخراو دام و دەزگا سیاسی و حکومیەکان کە بوونەتە هۆی شێواندنی پیشەی یەکە نیشتەجێ بووەکان، بەتایبەتیش هەریەك لەم کۆمپانیا و دام و دەزگایانە مۆلیدەی کارەبای تایبەت بەخۆیان هەیە و لەبەردەمی خانووەکانیاندا دانراون[١٨]. ئەم دیاردەیە بەدی دەکرێت لە ناوچەی توێژینەوە لە زۆربەی کۆڵان و گەرەکەکاندا، ئەوەی تایبەتە بە دوکان و فرۆشگاکانی ناو بازاری شارەکە، تێکەڵیەک لە نێوان دوکانەکاندا هەیە، بە جۆرێک چەندین دوکان لە تەنیشت یەک و لە ریزی یەکدا بەبێی ئەوەی هیچ هەماهەنگییەک لە جۆری دوکانەکاندا هەبێت، بۆیە زۆرجار دوکانی گۆشتفرۆشێک دەبینرێت، کە تەنیشتەکەی دوکانی مۆبایلە، یان چایخانەیە، یان نانەواخانەیە . . . هتد، بە کورتی خراپی جۆری بەکارهێنانی زەوی یەکێکە لەسەرچاوەکانی پیسبوونی بینین، دەرخەری نارێکی و شکستی پلاندانەرانی شارە.

وێنەی (٨)

نارێکی بەکارهێنانی زەوی لە شاری سەیدصادق




گیراوە لە رێکەوتی : (٢٠١٩/١١/٣).

**٩. خۆڵ و خاشاک (پاشماوەکان) :**

کۆبوونەوەی زبڵ و خاشاک و پاشماوەکان لەسەر شەقام و بەردەم دوکان و مارکێت و خانوەکان، یەکێکە لە سەرچاوەکانی تری پیسبوونی بینین لە شارەکاندا، کە زۆرجار پاشماوەکان بۆ ماوەی چەند رۆژێک دەمێنێتەوە، جگە لە دیمەنی ناشرین و ناشایستە و بیزارکەر، مەترسی تری پیسبوونی ژینگەیشی لێ دەکەوێتەوە[١٩]. ئەم دیمەنە لە چەند ناوچەیەک لەناو بازاری شار و چەند گەرەکێک دەبینرێت. کە دیمەنێکی ناشارستانی و ناتەندروست بە شارەکە دەبەخشێت.

(١٨) أحمد جميل شامية، المصدر السابق، ص٦٠.

(١٩) سوسن صبيح حمدان، المصدر السابق، ص١٨.

وێنەی (٩) كۆبوونەوەی زبڵ و خاشاك لە ناو بازاڕی شاری سەیدصادق




گیراوە لە ڕێكەوتی (٢٠١٩/١١/٣).

**١٠. سەرچاوەی تر :**

لە میانەی سەردانی توێژەران بۆ ناوچەی توێژینەوە، تێبینی چەندین سەرچاوەی دیكەیان كردوە، كە بونەتە هۆی دروستبوونی پیسبوونی بینین لە شارەكەدا، نمونەی ئەم دیاردانەش بریتین لە بوونی كۆگای هەڵگرتنی نەوت و گاز لە گەرەكی (فەرمانبەران) و بوونی كارگەی دروستكردنی كەرەستەی خانووبەرە لە سنوری گەرەكی پیشەسازی دوو، نەبوونی ئاوەڕۆیی سندوقی لە گەرەكەكانی (ئاشتی و تەپەرەش و قلرخ)، هەروەها لە زۆربەی گەرەكەكاندا تا تابلۆی ناسنامە و ڕێنیشاندەر بوونی نییە و چەندین شوێنكاری چاكردنەوەی ئۆتۆمبێل لەناو گەرەكەكاندا بوونی هەیە، كە بۆتە هۆی شێواندی سیمای یەكەكانی ناوچەی نیشتەجێبوون.

وێنەی (١٠) بوونی كۆگای هەڵگرتنی نەوت و گاز و كارگەی دروستكردنی كەرەستەی خانوبەرە




گیراوە لە ڕێكەوتی : (٢٠١٩/١١/١٠).



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

## تەوەری سێیەم

## هۆکارەکانی پیسبوونی بینین و شێوازەکانی چارەسەرکردنی لە شاری سەیدسادق

**یەکەم : هۆکارەکانی پیسبوونی بینین :**

**سەرچاوەکانی** پیسبوونی **بینین لە ناوچەی توێژینەوە زۆر و جۆراوجۆرن، بێگومان ئەمەش دەرئەنجامی چەندین هۆکارە، کە پەیوەستن بە مرۆڤ و چالاکییە جۆراوجۆرەکانیەوە، لەم تەوەرەدا گرنگترین هۆکارەکانی پیسبوونی بینین دەخرێتەروو :**

**١. هۆکاری خراپی پلاندانانی شار :**

هەر شارێك لەکاتی فراوانبوونیدا پێویستی بە دانانی یاسا و پلانی داڕێژراو هەیە، بۆ ئەوەی دووربێت لەفراوانبوونی ناسروشتی و هەڕەمەکی. پلاندانانی دروست و زانستی سەرچاوەیەکن بۆ ئاڕاستەکردنی فراوانبوونی شارەکان بەشێوەیەکی دروست و سروشتی، کە لە ئەنجامدا کۆی پێکهاتە و پێکهێنەرەکانی شار دەتوانن دیمەنێکی جوان و فۆرمێکی تەلارسازی نوێکار پیشان بدەن، کە ببێتە ناسنامەی شارەکە.

لە کاتێکدا خراپی پلاندانانی شار چ فۆرمی تەلارسازی بێت یان بەکارهێنانی زەوی بێت لە شاردا، هۆکارێکە بۆ سەرهەڵدانی ئەم جۆرە پیسبوونە، بە دڵنیاییەوە لاوازی دەسەڵاتی شارەوانیەکان و نەبوونی لێپێچینەوەی یاسایی و بەهەند وەرنەگرتنی یاسا بەرکارەکان و کەمی وشیاری و شارەزای دانیشتوان لە دروستکردنی خانوو و باڵەخانە و دوکانەکان، هۆکارگەلێکن بۆ دیارنەمانی بنەمای جوانی و ژینگەیی و پیشەی. ئەمەش تەنها کارناکاتە سەر هەستی بینین لەلایەن مرۆڤەوە، بەڵکو دەرئەنجامێکە بۆ دروستبوونی ئارامی دەروونی و دڵ تەنگی بەرامبەر بە دیاردە بینراوەکان[٢٠].

ئەوەی تایبەتە بە ناوچەی توێژینەوە خراپی یان نەبوونی پلانی شارسازی لە شارەکەدا بەدی دەکرێت، نارێکی و تێکەڵییەکی زۆر لە جۆری بەکارهێنانی زەوی لە شارەکەدا بەدی دەکرێت، بە تایبەتر لە ناو بازاری شارەکەدا، نارێک و پێچاوپێچی کۆڵانی گەرەکەکان یەکێکە لە سیماکانی شارەکە، جگە بە بوونی خانووە زیادەڕەوان گرفتی گەورەی بۆ شارەکە دروست کردوە، کە بێگومان خراپی پلاندانانی شارەکە کاریگەریی لەسەر کۆی پێکهێنەرەکانی تری شار دەبێت، کاریگەری بەسەر لایەنە ژینگەیی و پیشەیی و دیزاینی خانوو و شەقام و گەرەک و دوکانەکانیشەوە جێ دەهێڵێت.

**٢. هۆکاری ئابوری :**

پەیوەندییەکی دیار لە نێوان دیاردەی پیسبوونی بینین و باری ئابوری وڵات هەیە، هەندێک لە توێژەران نوسیوویانە، کە ئەم دیاردەیە بەرچاوتر و زەقترە لە وڵاتە دواکەوتوو و هەژارەکانەوە، بەدیاریکراویش گەرەکە هەژار و زیادەڕۆکانەوە، لە بەرامبەردا لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا دیاردەکە کەمترە، بەهۆی بەرزی ئاستی ئابوری و وشیاری کۆمەڵایەتی گرنگی زیاتر بە جوانی و دیزاین و خاوێنی شارەکان دەدرێت[٢١].

---

(٢٠) خولة كريم كوثر، التلوث البصري وتأثره في المشهد الحضري للمدينة العراقية، المعهد العالي للتخطيط الحضري والإقليمي، جامعة بغداد، بغداد، ٢٠٠٩، ص١.

(٢١) سوسن صبيح حمدان، المصدر السابق، ص٦-٧.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

هۆکاری ئابوری لە شـــارەکەدا دوو لایەنە کار دەکاتە ســـەر ژینگەی شـــارەکە، ئەو هاوڵاتیانەی ئاســـتی ئابوری و رۆشنبیریان بەرزە ملکەچی یاساکانی شارەوانی دەبن و رۆڵیان لە بەخشینی سیمای شارستانی بە شارەکە بەخشیوە، وەک لە خانووی گەڕەکەکانی (رۆژهەڵات، سەروەران) بەرچاو دەکرێت، لە لایەکی ترەوە سازکردنی خانوو و باڵەخانەی نوێ لەلایەن ئەو شـارنشـینانەی کە داهاتیان بەرزە، لە تەنیشـت خانووی ئەو شـارنشـینانەی داهاتیان کەمە و توانای نۆژەنکردنەوەی خانوو یان فرۆشگاکانیان نیە، سەرچاوەی دەرکەوتنی جیاوازییە لە جۆر و شێوازی دیزاین و هونەری تەلارسازیە لەم شارە. کە بێگومان ئەم جیاوازییانە هۆکار بوون بۆ دروستبوونی گرفتی پیسبوونی بینین لە شارەکەدا.

لە لایەکی ترەوە هەندێک لە ســـەرمایە دار و خاوەن زەویەکانی ناوچەی توێژینەوە لە پێناو بەدەســـت هێنانی زۆرترین قازانج تەلارەکانیان بەکار دەهێنن بۆ چەندین مەبەســتی جیاواز، بۆ نمونە (نۆرینگەی پزیشـک، نوســینگەی پارێزەر و ئەندازیار، فرۆشــگای میوە و وشــکە، دوکانی چاکردنەوە و کارەبایی و ئەلیکترۆنیات). ئەمەش لە چەند تەلارێکی ناو بازاڕی سەرەکی شارەکەدا بەرچاو دەکەوێت.

جگەلەمانەش زۆری زۆری تابلۆکانی رێکلامی کۆمپانیاکان و دانای گەیەنەرەکانی کارەبا و شێواندنی یەکەی پیشەی گەڕەکەکان. بەشدارن لە دروست بوونی پیسبوون لە شارەکەدا.

**لە لایەکی ترەوە وەک زانراوە و دیـارە لە هەرێم و عێراقیش بەکـارهێنـانی وزەی کـارەبـا رۆژ لەدوای رۆژ لە زیادبوون دایە بەتایبەتی لە وەرزی هاوین و زســتان، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم کەمی کارەبای نیشــتیمانی پشــت بەســـتراوە بەموەلیدەکانی کەرتی تایبەت، گەیاندی ئەم وزەیەش لە مۆلیدەکانەوە بۆ هەموو ماڵ و فەرمانگە و دوکان و فرۆشــگا و شــوێنە گشــتیەکان پێویســتی بە گەیەنەری کارەبا (کێبڵ و وایەر)هەیە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا پســـپۆرانی بواری ژینگە بە یەکێک لە هۆکارەکانی پیســـبوونی بینینی دادەنێن، ناوچەی توێژینەوەش وەک هەموو شارەکانی تر، بەدەر نییە لەم دیاردەیە و لە هەموو گەرەک و بازاڕ و شوێنە جیاوازەکاندا بەدی دەکرێت.**

### ٣. هۆکاری کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری :

شـــار دیاردەیەکی ژیاری کۆمەڵایەتی جیاوازە، شـــوێنێکی هەمیشـــەییە بۆتێدا ژیان تا ڕادەیەك گەورە و چڕە، خەڵکێکی ناهاوچەشنی تێدا دەژی. هەر بۆیە پەیوەندی راستەوانە لە نێوان شێوەی شار و مەودای ئاستی کۆمەڵایەتی و رۆشـــنبیری کۆمەڵگادا هەیە، تاوەکو ئاســـتی کۆمەڵایەتی و رۆشـــنبیر بەرز بێت جوانی شـــار زیاتر دێتە پێش چاو، پێچەوانەی ئەم بۆچوونەش راستە.

لەهەمان کاتدا زۆربوونی ژمارەی دانیشـــتوان زۆربوونی داواکاری دانیشـــتوانی لێدەکەوێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆیەك بۆ دروســتبوونی پەســتانێکی زۆر لەســەر لاندســکێپی ســروشــتیی و شــێواندنی بەهۆی زۆری و جۆراوجۆری بەکارهێنانەکان، بەتایبەتیش لەرووی کەم بوونەوەی ڕووبەری سەوزاییەکان کە سەرچاوەی جوانین بۆ شارەکان.

ناوچەی توێژینەوەش بە چەندین بارودۆخی نائاسایدا تێپەریوە، لە ئاڵۆزی سیاسییەوە بگرە تا کۆچی گوندنشینان بۆ ناوەندی شارەکە، کە کارگەرییان لەسەر ئاکار و رەفتاری تاکەکان هەبووە، لەلایەکی ترەوە نزمی ئاستی ڕۆشنبیری و خراپی جۆری هەڵســوکەوتی تاک هۆکارێکی ترە لە دروســتبوونی ئەم پیســـبوونە لە شـــارەکەدا، بەتایبەتی دیاردەی نوســـین بەبێ هیچ مەبەســـتێك لەســـەر دیوار و شـــوێنە گشـــتیەکان لەلایەن منداڵان و گەنجانەوە. جگە لەمەش

هەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان یەکێکی ترە لە هۆکارەکانی پیسبوونی بینین نەك تەنیا لە ناوچەی توێژینەوە، بەڵکو لە سەرجەم شارەکانی هەرێم و عێراقیش.

**٤. هۆکاری فراوانبوونی رووبەری شار :**

بەکارهێنانی زەوی بۆ مەبەستی نیشتەجێبوون کاریگەرترین هۆکارە بۆ گۆڕینی بەکارهێنانی زەوی شار و فراوانبوونی رووبەرەکەی، چونکە کاریگەرە بە کۆمەڵێك هۆکاری جۆراو، گرنگترینیان باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و دۆخی بەشارستانی بوونە. شاری سەیدصادق وەك زۆربەی شارەکانی تر ملکەچی پرۆسەی فراوانبوونی ناوچەی نیشتەجێبون بووە لەسەر پەلهاوێشتنی بۆ زەویەکانی دەوروبەری، لەپێناو پرکردنەوەی داواکاریەکانی دانیشتوان کە بەرێژەیەکی بەرز زیادیان کردووە، بەتایبەتی لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)ەوە، ئەم شارە بە چەندین شێواز فراوانبوون و درێژبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە، ئەم زیادبوونەش بۆتە هۆی دروستبوونی چەندین گەرەک و ناوچەی نوێ، بەشێوەیەك ژمارەی گەڕەکەکانی شاری سەیدصادق لە ساڵی (٢٠١٨)دا گەیشتۆتە (٢٦)، وەک زانراوە چەند بەکارهێنانەکانی زەوی زیاتر بێت سەرچاوەی پیسبوونی بینین زیاتر دەبێت، ئەگەر زیادبوون و فراوانبوونەکە بە شێوەیەکی زانستی پلان بۆدانراو نەبێت.

**دووەم : شێوازەکانی چارەسەرکردنی گرفتی پیسبوونی بینین :**

پیسبوونی بینین دیارترین و سەرنج ڕاکێشترین جۆرەکانی پیسبوونە، چونکە زۆر بە روونی و ئاسانی دەتوانرێت تێبینی بکرێت و ببینرێت، لە جۆرەکانی تری پیسبوون باوترە، چونکە زۆرێك لە شتەکان لە توانایان دایە پیسبوونی بینین دروست بکەن، کە دەبنە سەرچاوەی بێزاری خەڵك لە شارەکاندا.

ئەم دیاردەیە بوونی هەیە لە زۆر ناوچە لە نمونەی (رێگا و بان، شەقام، ناوچەکانی نیشتەجێبوون و ئاوەدانەکان، ناوچە پیشەسازییەکان و خۆش گوزەرانیەکان و بازرگانیەکان. وەک پێشتر خرایەروو کە خۆی لەشێوەی زۆر و جۆراو جۆر دەنوێنێت، لە نمونەی پڕوپاگەندەی رێکلام و هێڵی کارەبا و پاشماوەی زبڵ و باڵەخانەکان، نارێکی دیزاین و رەنگ . . .هتد .

ئەم دیاردانەش کاریگەری نەرێنیان لەسەر مرۆڤ و هەستی بینین و لایەنی دەروونی هەیە. ئەم پیسبوونەش رۆژ لەدوای رۆژ لە زیادبووندایە، بەتایبەتی لە ئەنجامی پێشکەوتنی تەکنەلۆجی و بەرزبوونەوەی پلەی بەشارستانی بوون، بۆکەم کردنەوە و ڕێگەگرتن لە زیادبوونی پیسبوونی بینین لە شاری سەیدصادق، پێویستە چەند ڕێگا هەنگاوێک بگیرێتەبەر، بۆ کەم کردنەوە و چارەسەرکردنی ئەم پیسبوونە، لە گرنگترینیان بریتین لە :

١. دانانی یاسای تایبەت، چارەسەری زۆربەی کێشە ژینگەییەکان دەکات، لەناویشاندا پیسبوونی بینین.

٢. رێکخستن و بەکارهێنانی زەوی و فراوانبوونی گەرەک و شەقامەکانی ناوچەی توێژینەوە، پێویستە بە شێوەیەکی زانستی و ئەندازیاری و هونەری بێت، داهاتوویەکی نزیک و دووری پلانی فراوانبوونی شارەکە لەبەرچاو بگرێت، لایەنی پسپۆر و پەیوەندی دار بەم کارە هەڵسێت، بە دوور بێت لە دەستێوەردانی ناوچەیی و حیزبی و کەسیی.

٣. دابینکردنی وزەی کارەبای نیشتیمانی بۆ شارەکە، هەوڵدان بۆ شاردنەوەی هێڵ و تۆڕەکانی وزەی کارەبا لەژێر زەویدا، بۆ ڕزگاربوون لە جەنجاڵی و قەرەڵەباڵغی کێبڵ و وایەری گەیەنەری کارەبا، کە سیمایەکی ناشارستانی ئەبەخشت بە ناوچەی توێژینەوە.

٤. سەرۆکایەتی شارەوانی سەیدصادق ڕێگە بە هیچ جۆرە دیکۆر و دیزانین و ڕەنگێک نەدات، کە پێچەوانەی باری شارستانی و شارسازی بێت و ببێتە هۆی بۆ شێواندی فۆڕم و دیزاینی گەڕەك و شەقام و ناوچە ئاوەدانەکان و هەستی بینین بشێوێنیت.

٥. دانانی لیژنەی تایبەت لەسەرۆکایەتی شارەوانی سەیدصادق بۆ چاودێریکردنی ئەو ناوچە و گەرەکانەی خانوو و باڵاخانەی نوێی تێدا دروست دەکرێت، کە هەموو مەرجەکانی شارسازی و ئەندازیاری تێدا جێبەجێبکرێت.

٦. ڕێکخستنەوەی بەکارهێنانی زەوی لە شارەکەدا، بە تایبەتی لە ناو بازاری سەرەکی شارەکەدا، کە تا ڕادەیەک هاوسەنگی و هەماهەنگی لەنێوان پیشە و دوکان و باڵەخانەکاندا بەدی بکرێت.

٧. ڕێگەنەدان بە هەڵواسین و دانانی تابلۆکانی ڕێکلامی بازرگانی و ڕێ نیشاندان، بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و ناشارستانی لە سەرجەم گەرەک و بازار و شەقامەکانی شارەکەدا.

٨. چارەسەرکردنی گرفتی پرۆسەکانی کۆکردنەوە و گواستنەوە و چارەسەرکردنی زبڵ و خاشاک لە شارەکەدا، دانانی حاویە و سەتڵی خاشاک لە هەموو گەرەک و شەقام و بازارەکاندا و دروستکردنی ئاوەڕۆی سندوقی بۆ گەرەک و ناوبازاری شارەکە، کە دیمەنیکی زۆر ناشارستانی و نەگونجاوی هەیە.

٩. بەرزکردنەوەی ئاستی هونەری و زانستی و رۆشنبیری ئەندازیارانی شارەکە، لە ڕێگەی خولی تایبەتەوە، بە ئامانجی ئەوەی نەخشە و دیزانەکانیان کاریگەری لەسەر پێشکەوتن و جوانکردنی فۆرم و شێوەی تەلارسازی شارەکە هەبێت.

١٠. فراوانکردن و زیادکردنی پانتاییە سەوزەکان، لە پارک و باخچە و بلوار لە شارەکەدا، کە کاریگەری ئەرێنی لەسەر ژینگە و جوانکردنی شار و کەمکردنەوەی پیسبوونی بینین دەبێت.

١١. بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری هاوڵاتییان، سەبارەت بە گرنگی ژینگە و پاراستنی و مەترسیەکانی پیسبوونی ژینگە، لە ڕێگەی کەناڵە جیاوازەکانی گەیاندنەوە. چونکە شار بەهۆی گەشەی بەردەوامی دانیشتوان و زۆربوونی پێداویستی و داواکاریەکانیان فشارێکی زۆر دەخاتە سەر ژینگە، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە پێویستی بە هاوکاری کۆمەڵگا هەیە.

**ئەنجام**

١. ســەرجەم دیاردەکانی پیســبوونی بینین لە شــارەکەدا بوونیان هەیە، کە زۆرترینیان دەکەوێتە ناو بازاڕی شارەکە و گەڕەکەکانی کەنار شارەوە.

٢. سەرچاوەکانی دروستبوونی پیسبوونی بینین لە ناوچەی توێژینەوە جۆراوجۆرن، لە گرنگترینیان بریتین لە ئاڵۆزی و خراپی فۆرم و دیزاینی تەلارسازی پێکهێنەرەکانی شارەکە بە پلەی یەکەم، هەروەها ڕێکنەخستنی شێوەکانی بەکارهێنانی زەوی و ناهەماهەنگی بەکارهێنانی ڕەنگەکان و خراپی جۆر و قەبارە و ڕەنگ و نوســینی تابلۆکان و چرووپڕی گەیەنەرەکانی وزەی کارەبا و بڵاوبوونەوەی خۆڵ و خاشــاک، لە ســەرچاوەکانی تری پیســبوونی بینین لە شارەکەدا.

٣. ســەرەکیترین هۆکارەکانی دروســتبوونی پیســبوونی بینین لە شــارەکەدا، بریتین لە هۆکاری خراپی پلانی شــارســازی شــار و فراوانبوونی شــار و هۆکاری ئابوری. کە کاریگەری و ڕەنگدانەوەیان بەســەر ســەرجەم و گەڕەک و بازارەکانی شارەکەدا هەبووە و هەیە.

٤. کەمتەرخەمی ســەرۆکایەتی شــارەوانی و دەســتەڵاتداری کارگێری و ســیاســی شــارەکە، بەرامبەر بە درووستبوونی ئەم جۆرە لە پیسبوونی ژینگە لە شارەکەدا.

٥. چارەسەرکردنی ئەم جۆرەی پیسبوونی ژینگە لە شارەکەدا، پێوویستی بە بڕیاری بوێرانە و دروست و پلان بۆدارێژراو هەیە، کە تێیدا ڕەچاوی پلانی شارسازی و هونەری جوانی شار و فۆرمی تەلارسازی بکات، لە سەرجەم گەڕەک و خانوو و دوکان و شەقامەکاندا.

**پێشنیار**

١. وشــیارکردنەوەی هاوڵاتیان لە مەترســیەکانی پیســبوونی ژینگە و کاریگەرییان لەســەر لەســەر ژیان و تەندروستیان، لە ڕێگەی کەناڵەکانی گەیاندنەوە.

٢. دانانی یاسای تایبەت بەم بوارەو جێبەجێکردنی یاساکان

٣. پێکهێنانی لیژنەیەک لەسەر ئاستی باڵای یەکە کارگێڕییەکە، بۆ دوبارە دارشتنەوە پلان و دیزاینی گەڕەک و شەقام و دوکان و بازارەکان، بە جۆرێک کە سیمایەکی شارستانی ببەخشن و بنەماکانی شارسازیدا تێدا جێبەجێ بکرێت.

٤. ڕێکخســتنەوەی ڕێنماییەکانی تایبەت بە مۆڵەت و نوســین و قەبارە و هەڵواســینی تابلۆکان، بە شــێوەیەکی شارستانی و هونەری، کە نەبێتە سەرچاوەیەکی پیسبوونی بینین لە شارەکەدا.

٥. ڕێگەنەدان بە بەکارهێنانی ڕەنگی زەق و ئاڵۆز، لە دروســتکردنی پەیکەر و روکاری خانوو و باڵەخانە و دوکانەکاندا.

٦. زیادکردنی روبەری پانتاییە سەوزەکان لە شارەکەدا، بە جۆرێک بە شێوەیەکی هاوسەنگ سەرجەم گەڕەک و ناوچە و ناوەندی شەقامەکان بگرێتەوە.

**سەرچاوەکان**

**یەکەم : سەرچاوە کوردییەکان :**

أ. کتێب :

١. نەقشبەندی، ئازاد محەمەد ئەمین کاکە شێخ، جوگرافیای ژینگە، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٧.

ب. تێزی زانستی :

١. علی، هاودین کامل، مۆرفۆلۆجی گوندەکانی ناوچە شاخاوییەکان و کاریگەری ژینگەی سروشتیی لەسەریان - ناوچەی هەورامان وەک نمونە، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، ٢٠١٥.

٢. عەبدولرەحمان، ڕۆژان فەرەیدون، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ جیاوازیی پیسبوونی ئاوی ژێرزەوی لە ناوچەی سلێمانیدا، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٨.

پ- دام و دەزگا حکومییەکان :

١. هەرێمی کوردســـتان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای ســـلێمانی، پوختەی ئەنجامە سەرەتاییەکانی کاری ژمارە لێدان و گەمارۆ (العصر و الترقيم) تایبەت بە سەرژمێری گشتی دانیشتوان و نشینگەکانی پارێزگای سلێمانی بۆ ساڵی ٢٠٠٩، سلێمانی، ٢٠١٠، چاپکراو بە کۆمپیوتەر، بڵاونەکراوە.

٢. هەرێمی کوردســتان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای ســلێمانی، ژمارەی دانیشــتوانی پارێزگای سلێمانی بەپێی ناحیە بۆ ساڵی ٢٠٠٩ وە پێشبینی گەشەی دانیشتوان بۆ ساڵی ٢٠٢٠، بڵاونەکراوە.

٣. هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانی، بەشی نەخشەسازی و GIS، 2019.

٤. هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی سلێمانی، سەرۆکایەتی شارەوانی سەیدصادق، ٢٠١٩.

**دووەم : سەرچاوە عەرەبییەکان :**

**أ. کتیب :**

١. حمدان، سوسن صبيح، أثر التلوث البصرى فى تشويه جمالية المدن (مدينة بغداد نموجا)، مركز المستنصرية للدراسات العربية والدولية، جامعة المستنصرية، بغداد، ٢٠١٠.

٢. شحاتة، حسن احمد، البيئة والمشكلة الأنسانية، المكتبة دار العربية للكتاب، قاهرة، ٢٠٠١.

٣. العاقل، صديق محمد و مقيلي، محمد غياذ و آخرون، تلوث البيئة الطبيعية، ١٩٩٠.

٤. عبد المقصود، زين الدين، البيئة والانسان (دراسة في المشكيلات الانسان مع البئية)، الطبعة الثانية، منشأة المعارف، الأسكندرية، ١٩٩٧.

٥. وهبي، صالح محمود و العجي، ابتسام درويش، التربية البيئية وافاقها المستقبلية، دار الفكر، دمشق، الطبعة الاولى، ٢٠٠٣.

**ب. تێزی زانستی :**

١. شامية، أحمد جميل، دراسة تحليلية للتلوث البصرى فى مدينة غزة، رسالة ماجستر (غير منشورة)، كلية الهندسة، الجامعة الأسلامية غزة، غزة، ٢٠١٣.

**پ- گۆڤاری زاستی :**

١. الحريق، مهند بن الله نويصر، التوافق والانسجام في البيئة العمرانية في ظل انتشار اللافيتات التجارية، مجلة العمران والبيئة، جامعة اللملك العلوم الاساسية، المجلد الرابع، العدد الاول، ٢٠٠٣.

ت. توێژینەوەی زانستی :

١. ابراهيم، اسامة محمود، التلوث البصري وثرة على المدينة المعاصرة، مؤتمر الازهر المهندسى الدولى التاسع، ٢-٤ نيسان ٢٠٠٧.

٢. كوثر، خولة كريم، التلوث البصري وتأثره في المشهد الحضري للمدينة العراقية، المعهد العالي للتخطيط الحضري والإقليمي، جامعة بغداد، بغداد، ٢٠٠٩.

ث. بڵاوکراوە حکومییەکان :

١. الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧، ج٢، مطبعة دار التضامن.

٢. الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية تسجيل الأحوال المدنية العامة، دليل التعداد العام لسنة ١٩٦٥، مطبعة شركة دار الجمهورية، بغداد.

٣. الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، خلاصة نتائج الأولية لحصر السكان لسنة ١٩٧٠.

٤. الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧، مطبعة الجهاز المركزي، بغداد، ١٩٧٨.

٥. الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، مطبعة الجهاز المركزي ،١٩٨٨.

٦. إقليم كوردستان، مديرية احصاء السليمانية، خلاصة النتائج الاحصائية عن عدد السكان حسب الوحدات الادارية في الاقليم، لسنة ٢٠٠٢، (غيرمنشورة).

**سێیەم : سەرچاوەی ئەلیکترۆنی (ئینتەرنێت).**

1. http://persian.epochtimes.com/iran/visual-polltion-and-the-negative-effects-on-citizens-health-3328.html.
2. http://www.akairan.com/health/bimari-behdasht/20121214101725.html.